## بەشی یەكەم: چوارچێوەی فیكری ژمێریاری دارایی

### یەكەم: چەمكی ژمێریاری

### دووەم: سودمەندانی زانیاری ژمێریاری

### سێیەم: لیستە داراییەكان و سیستەمی زانیاری ژمێریاری

### چوارەم: ئامانجەكانی لیستە داراییەكان

### پێنجەم: چوارچێوەی فیكریی ژمێریاری دارایی

### شەشەم: پێویستی بوون بە چوارچێوەیەكی فیكری بۆ ژمێریاری دارایی

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی فیکری ژمێریاری دارایی

**یەکەم: چەمکی ژمێریاری:**

پێناسەی ژمێریاری بە تێپەڕبوونی کات پەرەی سەندووە گۆڕانکاری بەسردا هاتووە بەهۆی پەرەسەندنی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی، و پەرەسەندنی ئەرک و ئامانجەکانی، هەمەچەشنی و فراوانی ئەو چینانەی کە سوود لە ژمێریاری وەردەگرن. پێشتر ژمێریاری وەک هونەرێکی پراکتیکی کە هیچ بوارێکی بۆ لێکۆڵینەوەی تیۆری تێدا نەبوو، یان شێوازێکی تەکنیکی بۆ تۆمارکردن و پۆلینکردن و پوختکردنی مامەڵە داراییەکان و پێوانەکردنی دەرئەنجامی چالاکییە ئابوورییەکان سەیردەکرا، ئێستا بوویتە زانستێک کە گریمانە و بنەمای تایبەت بە خۆی هەیە، و توێژینەوە زانستییەکانی توانای گەشەپێدان و نوێبوونەوەیان هەیە، و کەسانێک هەن بە سیستەمێکی زانیاری ئابووری دەزانن و دەخەینە لیستی زانیارییەکانەوە.

لێرەدا دوو پێناسە دەخەینەڕوو بۆ ژمێریاری دارایی:

• پێناسەیەک پشتدەبەستێت لەسەر بنچینەی لایەنی پراکتیکی: پەیمانگای ئەمریکی بۆ ژمێریارانی یاسایی ((American Institute of Certified Public Accountants-AICPA)) ژمێریاری بەم شێوەیە پێناسە کردووە: بریتیە لە هونەری تۆمارکردن، و پۆلێنکردن و کورتکردنەوەی ئەو کردار و ڕووداوانەی کە سروشتی داراییان هەیە و لێکدانەوەی ئەو ئەنجامانەی کە لەو کردار و ڕووداونە دێنە ئاراوە.

• پێناسەی کۆمەڵەی ژمێریاری ئەمریکی بۆ ژمێریاری وەک سیستەمێک بۆ دابنکردنی زانیاری (American Accounting Association-AAA): بریتییە لە پرۆسەی دیاریکردن، و پێوانەکردن، و تۆمارکردن و گەیاندنی زانیاری دارایی پەیوەست بە یەکە ئابوورییەکان بۆ ئەو بەکارهێنەرانەی کە گرنگی بەو زانیاریانە دەدەن بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات لە بڕیاردانی ئابووری دروست.

**دووەم: سودمەندانی زانیاری ژمێریاری:**

چالاکییەکانی ژمێریاری ئاراستە دەکرێن بۆ خزمەتکردنی زۆرێک لەو لایەنانەی کە پشت بە ژمێریاری دەبەستن وەک سەرچاوەیەکی زانیاری کە پێویستیان پێیەتی لە پرۆسەی بڕیارداندا. جا چوارچێوەی فیکری ژمێریاری دارایی بەکارهێنەرانی زانیارییەکانی ژمێریاری دیاریکردوە وەک وەبەرهێنەرانی ئێستا و وەبەرهێنەرانی داهاتوو، کارمەندان، قەرزدەران، دابینکەران (فرۆشیاران)، کڕیاران، دامودەزگاکانی حکومەت، و خەڵکی بەگشتی. جا دەکرێت بەکارهێنەرانی زانیاری ژمێریاری دابەش بکرێن بۆ دوو کۆمەڵە، وەکو ئەوەی خوارەوە:

1. **بەکارهێنەرانی ناوخۆیی**: ئەمەش ئەم چینانە دەگرێتەوە:

أ. **بەڕێوەبردن**: بەڕێوەبردن پێویستی بە زانیاری ژمێریاری هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت کارەکانی ڕاپەڕێنێت وەکو بڕیاردان، و پلاندانان بۆ قۆناغەکانی داهاتوو، هەروەها بۆ دڵنیابوون لەوەی ئامانجەکانی دامەزراوەکە بەدی دەێن.

ب. **کرێکاران** و **فەرمانبەران**: کرێکاران و فەرمانبەران پێویستیان بە زانیاری ژمێریاری هەیە بۆ زانینی دۆخی ئەو دامەزراوەیەی کە تێیدا کاردەکەن بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیی کارەکانیان، هەروەها تا چەند پاداشتەکانیان وەردەگرن لەبەرامبەر ئەو کارانەی کە بۆ دامەزراوەکە ئەنجامیدەدەن.

2. **بەکارهێنەرانی دەرەکی**: ئەمەش ئەم چینانە دەگرێتەوە:

أ. **خاوەنانی دامەزراوە** (خاوەن دامەزراوەکان، وەبەرهێنەران): ئەم چینە گرنگی بە زانیاری ژمێریاری دەدەن بۆ زانینی قەبارەی گەڕانەوەی چاوەڕوانکراو (قازانج) بۆ سەر وەبەرهێنانەکانیان لە دامەزراوەکەدا، هەروەها بۆ زانینی ڕادەی کارایی بەڕێوەبەرایەتی لە بەکارهێنان و پاراستنی دارایی و سامانەکانیان و گەیشتن بە ئامانجەکانی دامەزراوەکە .

ب. **قەرزدەرەکان**: قەرزدەرەکان گرینگی بە زانیاری ژمێریاری دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن بڕیاری گونجاو بدەن سەبارەت بە ڕادەی توانای دامەزراوەکە (قەرزوەرگر) بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەری لە گەڕاندنەوەی قەرزەکە و سووی سەر قەرزەکە.

جـ. **دابینکەران** (فرۆشیاران): دابینکەران گرنگی بە زانیاری ژمێریاری دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن بڕیارەکانی پەیوەست بە دابینکردنی دامەزراوەکە بدەن و تا چەند دامەزراوەی کڕیار توانای پارەدانی هەیە کاتێک لە دابینکەران دەکڕێت.

د. **کڕیاران** (مەعمیل): کڕیاران گرینگی بە زانیاری ژمێریاری دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن بڕیار بدەن سەبارەت بە ئەگەری بەردەوامبوون و کڕین لە دامەزراوەی فرۆشیار یان نەکڕین لێیان.

هـ. **دەزگا و دامەزراوەکانی حکومەت**: حکومەت و دەزگاکانی پێویستیان بە زانیاری ژمێریاری هەیە بۆ ئەوەی چالاکیی ئابووری ڕێکبخەن و سیاسەتی باج دیاری بکەن و ئەو زانیاریانە بەکاربهێنن بۆ ئامارەکانی داهاتی نەتەوەیی و بەرهەمی نەتەوەیی و خەرجیيە نەتەوەییەکان.

**سێیەم: لیستە داراییەکان و سیستەمی زانیاری ژمێریاری**

بەو لیستە داراییانەی کە لە کۆتایی ساڵی داراییدا ئامادە دەکرێن بۆ گەیشتن بە ئەنجامی چالاکییەکانی کۆمپانیاکە لە ماوەی دارایی دیاریکراودا و بۆ زانینی بارودۆخی داراییەکەی لە کۆتایی هەمان ماوەدا، پێیان دەگوترێت **لیستە داراییەکان**، کە سستەمی ژمێریاری بەرهەمیان دەهێنێت، و سەرچاوەی سەرەکی زانیاری ژمێرياریین کە هەموو لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان پێویستیان پێیەتی. ئەم لیستە داراییانە زۆرجار دەناسرێن بە "لیستە داراییەکانی مەبەستی گشتی" ، چونکە ئامادە دەکرێن بۆ خزمەتکردنی هەموو بەکارهێنەران بەگشتی.

ستانداردی ژمێریاری نێودەوڵەتی ژمارە (١) "پێشکەشکردنی لیستە داراییەکان" ئەو لیستانە دیاری دەکات کە کۆمپانیاکان دەبێت لە کۆتایی هەر ماوەیەکدا ئامادەی بکەن، کە بریتین لەم لیستانە:

1. لیستی داهات Income Statement
2. لیستی بارودۆخی دارایی (تەرازوی گشتی) Statement of Financial Position
3. لیستی گۆڕانکارییەکان لە مافی خاوەنداریەتی Statement of Changes In Equity
4. لیستی جوڵەی پارە Statement of Cash Flow

**چوارەم: ئامانجەکانی لیستە داراییەکان:**

ئامادەکردنی لیستە داراییەکان لە کۆتایی هەر ماوەیەکی داراییدا کۆمەڵێک ئامانج بەدەست دەهێنێت کە دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

1. پێدانی زانیاری بەسوود بۆ بڕیارەکانی وەبەرهێنان.
2. پێدانی زانیاری بەسوود لەسەر خەمڵاندنی جووڵەی پارەی چاوەڕوانکراو.
3. پێشکەشکردنی زانیاری بەسوود سەبارەت بە سەرچاوەو دەرامەتەکانی دامەزراوەکە، و ئەو پابەندبوونانەی کە لەم سەرچاوانەوە پەیدادەبن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە هەر یەکە لەو سەرچاوەو و پابەندبوونانە ڕوودەدەن (مافی خاوەندارێتی).

**پێنجەم: چوارچێوەی فیکریی ژمێریاری دارایی:**

چوارچێوەی فیکری ژمێریاری دارایی لە سێ ئاست پێکدێت کە بریتەن لەمانەی خوارەوە:

**ئاستی یەکەم**: ئامانجە بنەڕەتییەکانی ژمێریاری دارایی: پەیوەندی بە دیاریکردنی ئامانجەکانی ڕاپۆرت و لیستە داراییەکانەوە هەیە.

**ئاستی دووەم**: چەمکە بنەڕەتییەکانی ژمێریاری دارایی: پەیوەندی بە دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە (خەسڵەت) چۆنایەتییەکانی زانیاری ژمێریاری و پێکهاتەی لیستە داراییەکانەوە هەیە.

**ئاستی سێیەم**: چەمکەکانی دانپێدانان و پێوانەکردن: ئەم ئاستە گریمانە ژمێرارییەکان،و بنەماکانی ژمێریاری و کۆتوبەندە ژمێرارییەکان لەخۆدەگرێت کە بەسەر ڕێکار و پراکتیکەکانی ژمێریاریدا دەسەپێندرێن.

ئەم هێڵکاریەی خوارەوە هەر سێ ئاستی چوارچێوەی فیکری ژمێریاری دارایی و پێکهاتەکانی پیشان دەدات:

<table dir="rtl">
<tr><td>ئاستی یەکەم:<br>ئامانجەکانی ژمێریاری</td><td colspan="3">پێدانی زانیاری بەسوود بۆ سودمەندان بۆ بڕیاردانی ئابووری دروست</td></tr>
<tr><td rowspan="11">ئاستی دووەم:<br>پێکهاتەی لیستە داراییەکان و تایبەتمەندییە چۆنایەتییەکانی زانیاری ژمێریاری</td><td>پێکهاتەی لیستە داراییەکان</td><td colspan="2">تایبەتمەندییە چۆنایەتییەکانی زانیاری ژمێریاری</td></tr>
<tr><td>الموجودات (الاصول)</td><td colspan="2">1. تایبەتمەندیە بنەڕەتیەکان</td></tr>
<tr><td>المطلوبات (الخصوم)</td><td>أ. گونجاوی</td><td>بەهای پێشبینیکراو</td></tr>
<tr><td>حقوق الملكية</td><td></td><td>بەهای دوپاتکردنەوە</td></tr>
<tr><td>الايرادات</td><td></td><td>گرنگی یان ماددی</td></tr>
<tr><td>المصروفات</td><td>ب. پیشاندانی ڕاستگۆیانە</td><td>تەواوەتی</td></tr>
<tr><td>المكاسب</td><td></td><td>بێلایەنی</td></tr>
<tr><td>الخسائر</td><td></td><td>بێ هەڵەیی</td></tr>
<tr><td>الدخل الشامل</td><td colspan="2">2. تایبەتمەندیە بەهێزکەرەکان</td></tr>
<tr><td></td><td>أ. توانای بەراوردکاری</td><td>ج. کاتی گونجاو</td></tr>
<tr><td></td><td>ب. توانای پشتڕاستکردنەوە</td><td>د. توانای تێگەیشتن</td></tr>
<tr><td rowspan="5">ئاستی سێیەم:<br>چەمکەکانی دانپێدانان و پێوانەکردن</td><td>گریمانەکانی ژمێریاری</td><td>بنەماکانی ژمێریاری</td><td>کۆتوبەندەکانی ژمێریاری</td></tr>
<tr><td>سەربەخۆیی</td><td>پێوانەکردن</td><td>تێچوون</td></tr>
<tr><td>بەردەوامی</td><td>وەدیهێنانی داهات</td><td>بەکارهێنانی پیشەسازی</td></tr>
<tr><td>خولی یان ماوەی ژمێریاری</td><td>وەدیهێنانی خەرجییەکان</td><td></td></tr>
<tr><td>یەکەی پێوانەکردن</td><td>ئاشکراکردنی ژمێریاری</td><td></td></tr>
</table>

## ئاستی دووەم: پێكهاتەی لیستە داراییەكان و تایبەتمەندییە چۆنایەتییەكانی زانیاری ژمێریاری:

1. **پێكهاتەی لیستە داراییەكان**: لیستە داراییەكان كۆمەڵێك توخم و پێكهاتەی سەرەكی لەخۆدەگرن. چوارچێوەی فیكری ژمێریاری دارایی پێناسەی وردی كردووە بۆ هەریەكێك لەم پێكهاتانە، بەم شێوەیە:

أ. **الموجودات**: دەرامەت و سەرچاوەی ئابوورییە كە چاوەڕوان دەكرێت لە داهاتوودا بەدەستبهێنرێت و كۆمپانیاكە مافی بەدەستهێنان یان كۆنترۆڵكردنی بەدەستهێناوە لە ئەنجامی ڕووداوەكانی ڕابردوودا.

ب. **المطلوبات**: دەرامەت و سەرچاوەی ئابوورییە كە چاوەڕوان دەكرێت لە داهاتوودا قوربانی پێبدرێت لە ئەنجامی هەبوونی پابەندبوونێكی كۆمپانیاكە لە ئێستادا بۆ گواستنەوەی (الموجودات) یان پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بۆ كۆمپانیاكانی تر لە ئەنجامی ڕووداوەكانی ڕابردوو.

ج. **حقوق الملكية (مافی خاوەنداریەتی)**: بریتیە لەو مەوجوداتانەی كە دەمێنێتەوە لە دوای لێدەركردنی پابەندبوونەكان.

حقوق الملكية = الموجودات - المطلوبات

د. **الايرادات** (داهات): بریتیە لە هاتنی پارە، زیادبوونی مەوجودات، یان كەمبوونەوەی پابەندبوونەكان، لە ئەنجامی بەرهەمهێنان و ڕادەستكردنی كاڵا یان ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەكان، یان جێبەجێكردنی هەر چالاكییەكی دیكەی پەیوەندیدار بە پراكتیزەكردنی چالاكی سەرەكی دامەزراوەكە.

هـ. **المصروفات** (خەرجییەكان): بریتییە لە دەرچوونی پارە، كەمبوونەوەی مەوجودات، یان زیادبوونی پابەندبوونەكان، لە ئەنجامی بەرهەمهێنان و ڕادەستكردنی كاڵا یان ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەكان، یان جێبەجێكردنی هەر چالاكییەكی دیكەی پەیوەندیدار بە پراكتیزەكردنی چالاكی سەرەكی دامەزراوەكە.

و. **المكاسب** (دەسكەوتەكان)**:** زیادبوونی مافی خاوەن سەرمایەیە كە لە ئەنجامی كاری لابەلا یان لاوەكییەوە دروست دەبێت.

ز. **الخسائر** (زیانەكان): بریتیە لە كەمبوونەوەی مافی خاوەن سەرمایە كە لە ئەنجامی كاری لابەلا یان لاوەكییەوە ڕوودەدات.

ح. **الدخل الشامل** (داهاتی گشتگیر)**:** بریتیە لە گۆڕانكاری لە مافی خاوەندارێتی كۆمپانیایەك لە ماوەیەكدا لە ئەنجامی مامەڵە و سەوداكان بە سەرچاوەی نا پەیوەندیدار بە خاوەن كۆمپانیاكانەوە. داهاتی گشتگیر بەم شێوەیە دەپێورێت:

الدخل الشامل = الايرادات – المصروفات + المكاسب - الخسائر

2. **تایبەتمەندییە چۆنایەتییەكانی زانیاری ژمێریاری:** پێویستە ژمێریار زانیاری بەسوود بۆ بڕیاردان دابینبكات. جا بۆ ئەوەی زانیاریی ژمێریاری سوودی هەبێت پێویستی بە بوونی ستاندارد و تایبەتمەندی هەیە كە ژمێریار لە كاتی ئامادەكردنی ئەم زانیاریانە دەبێت پابەندبێت پێیانەوە، ئەم تایبەتمەندیانەش بەسەر دوو كۆمەڵەدا دابەش دەكرێن:

یەكەم: **تایبەتمەندییە بنەڕەتییەكانی زانیاری ژمێریاری**: بریتین لەو تایبەتمەندیانەی كە پێویستە لە زانیاری ژمێریاریدا هەبێت، كە بریتین لەم دوو تایبەتمەندیەی خوارەوە:

1. **گونجاوی** (الملائمة)**:** واتە توانای زانیاری ژمێریاری بۆ ئەوەی جیاوازی لە بڕیارەكانی بەكارهێنەرانی زانیاری ژمێریاریدا دروست بكات ئەویش بە گۆڕینی یان پشتڕاستكردنەوەی چاوەڕوانییەكانیان واتە بڕیارەكانیان. تایبەتمەندی گونجاوی دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم سێ تایبەتمەندییە لاوەكییەی خوارەوە بەدەست بهێنرێت:

أ. **بەهای پێشبینیكراو**: واتە زانیاری ژمێریاری توانای بەكارهێنانی هەبێت لە بڕیارەكانی پەیوەست بە پێشبینییەكانی داهاتوو.

ب. **بەهای دوپاتكردنەوە**: زانیارییە داراییەكان بەهای دوپاتكردنەوەیان دەبێت ئەگەر فیدباك لەسەر هەڵسەنگاندنەكانی ڕابردوو دابینبكات.

ج. **ماددی یان گرنگی ڕێژەیی**: زانیاری کاتێک مادديیە واتە گرنگە کە لادانی یان ئاشکرا نەکردنی کاریگەری لەسەر ئەو بڕیارانە هەبێت کە لەسەر بنچینەی ئەم زانیاریانەوە دراون.

2. **پیشاندانی ڕاستگۆیانە (التمثيل الصادق)**: واتە زانیاریيە ژمێریارییەکان ڕووداوەکانی تایبەت پێیان بە دروستی دەربڕن بە شێوەیەک کە دووربێت لە هەر دەستکارییەکی مەبەستدار. ئەم تایبەتمەندییەش دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم تایبەتمەندیە لاوەکیانەی خوارەوە بەدەست بهێنرێت:

أ. **تەواوەتی**: بۆ ئەوەی زانیاریی ژمێریاری جێی متمانە بێت، پێویستە تەواو بێ کەم و کورتی بێت و لە سنووری گرنگی و تێچووی ڕێژەیی خۆیدا بێت، چونکە هەر جۆرە نەهێشتنێک یان لادانێک لە هەر زانیارییەکدا دەتوانێت ببێتە هۆی بە هەڵەدابردن یان چەواشەکردن، بەم شێوەیەش زانیارییەکە نەگونجاو دەبێت و متمانەپێکراوی خۆی لەدەست دەدات .

ب. **بێلایەنی**: واتە کاریگەری نەکردن لەسەر پرۆسەی ئامادەکردن و بەدەستهێنانی زانیاری بە شێوەیەکی مەبەستدار کە بتوانێت بەشداربێت لە خزمەتکردنی بەکارهێنەرێکی دیاریکراو بەسەر بەکارهێنەرێکی دیکەدا.

ج. **بێ هەڵەیی**: زانیارییەکانی ژمێریاری پێویستە بێ هەڵە بن چ لە ڕووی ژمێریاریەوە یان هەژمارکردنەوە.

دووەم: **تایبەتمەندییەکانی بەهێزکردنی زانیاری ژمێریاری**: بریتین لەو تایبەتمەندییانەی کە دەبێت لە زانیاری ژمێریارییدا هەبێت، کە لەڕێگەیانوە دەتوانرێت ئەنجامێکی باشتر بۆ زانیاری ژمێریاری بەدەست بهێنرێت، ئەم تایبەتمەندیانەش بریتین لەمانە:


1. **توانای بەراوردکاری** (قابلية المقارنة): واتە زانیارییە ژمێریارییەکان دەبێت توانای بەراوردکاری هەبێت لە نێوان ماوەیەکی دارایی و ماوەیەکی دیکەدا بۆ هەمان یەکەی ئابووری یان بەراوردکردن لەگەڵ یەکە ئابوورییەکانی دیکەدا لە چوارچێوەی ئەنجامدانی هەمان چالاکی. ئاشکرایە تا ڕێگە و شێوازەکانی ژمێریاری جێگیرتر بن، سوودی زیاتر لە زانیارییەکانی ژمێریاری وەردەگیرێت بۆ مەبەستی بەراوردکردن.

2. **توانای پشتڕاستکردنەوە** (قابلية التحقق): واتە توانای گەیشتن بە هەمان ئەنجام لە لایەن زیاتر لە کەسێکەوە، ئەگەر هەمان ڕێگا و شێواز لە پێوانەکردنی زانیاری ژمێریاریدا بەکاربهێنرێت، زۆرجار زاراوەی هاوواتای پشتڕاستکردنەوە بەکاردەهێنرێت ئەویش بریتییە لە **بابەتیبوون**.

3. **کاتیبوون (کاتی گونجاو)** (التوقيت المناسب): واتە دەبێت زانیاری ژمێریاری لە ماوەیەکی گونجاودا دابین بکرێت کە دەتوانرێت بە ماوەی زەمەنی پێویست بۆ بڕیاردان دیاریبکرێت لە لایەن بەکارهێنەری زانیاریەکە (بڕیاردەر) بۆ ئەوەی بەهای یان توانای کاریگەری لەسەر پرۆسەی بڕیاردان لەدەست نەدات.

4. **توانای تێگەیشتن** (قابلية الفهم): پێویستە زانیاری ژمێریاری بە شێوەیەک ئامادە بکرێت و پیشانبدرێت کە توانای تێگەیشتن ئاسانبکات لەلایەن بەکارهێنەرانی زانیاریەکانی ژمێریاریەوە.

ئەم تایبەتمەندیانە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم هێڵکارییەی خوارەوەدا نیشان بدرێت:




**ئاستی سێیەم: چەمکەکانی دانپێدانان و پێوانەکردن:**

بۆ ئەوەی زانیاری گونجاو و متمانەپێکراو بەرهەم بهێنرێت، ژمێریاری دەبێت پشتببەستێت بە بنچینەی جێگیر بەشێوەیەک زامنی هاوشێوەی ئەو زانیارییانە بکات کە بڵاویان دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت بەراوردکاری لە نێوان ئەو زانیاریانەدا بکرێت. ئەم بنچینانە کۆمەڵێک **گریمانە** و **بنەما** لەخۆدەگرن کە شێواز و ڕێکارەکانی چارەسەرکردنی کردە داراییەکان دیاریدەکەن. لە خوارەوە باس لەو بنچینانە دەکرێت:

1. **گریمانەکانی ژمێریاری**: بریتین لەو گریمانە بنەڕەتییانەی کە پەیوەندییان بە ژینگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هەیە کە دەبێت ژمێریاری تێیدا کار بکات، بە گشتی چەند گریمانەیەکی بنەڕەتی هەن کە دیارترینیان بریتین لەمانە:

أ. **گریمانەی سەربەخۆیی (یەکەی ئابووری)**: واتە کۆمپانیا یەکەیەکی سەربەخۆیە لە خاوەنەکانی و لە کۆمپانیاکانی دیکە. بەپێی ئەم گریمانەیە چالاکییەکانی کۆمپانیاکە دیاری دەکرێن و تۆمارە ژمێریارییەکانی بۆ بەکاردەهێندرێن. بەبێ ئەم گریمانەیە ناتوانرێت دەرئەنجامی چالاکیی و (مەوجودەکان) و پابەندبوونەکانی کۆمپانیا دیاریبکرێن، چونکە لەگەڵ چالاکیی و (مەوجودەکان) و پابەندبوونەکانی خاوەنەکانیدا تێکەڵ دەبێت.

ب. **گریمانەی بەردەوامی**: ئەم گریمانەیە لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە کۆمپانیاکە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت لە چالاکییەکانی بۆ ئەوەی بتوانێت لەو ماوەیەدا ئامانجەکانی بەدیبێت. ئەم گریمانەیە ڕەنگدانەوەی چاوەڕوانییەکانی ئەو لایەنانەیە کە بەرژەوەندیان هەیە لە کۆمپانیا لە لایەک و ڕێگە دەدات بە ڕێکخستنی تۆمارەکانی ژمێریاری و ئامادەکردنی لیستە داراییەکان لە لایەکی دیکە.

ج. **گریمانەی خولیی (ماوەی ژمێریاری)**: بەپێی ئەم گریمانەیە کۆی تەمەنی کۆمپانیاکە دابەشدەکرێت بۆ چەند ماوەیەکی یەکسان، کە بەزۆری ساڵێکە، بە مەبەستی ئامادەکردنی لیستەکانی دارایی بۆ هەر ماوەیەک و زانینی ئەنجامی چالاکیی و دۆخی دارایی کۆمپانیاکە لە کۆتایی هەر ماوەیەکدا و چاوەڕێ نەکردن تا کارەکانی دامەزراوەکە کۆتایی دێت و پاکتاو دەکرێت.

د. **گریمانەی یەکە دراو**: ئەم گریمانەیە بەو مانایەیە کە پارە ئامرازێکی گونجاوە بۆ پێوانەکردنی ژمێریاری، گونجاو، وسادەیە، و هەموو کەسێک لێی تێدەگات. بەپێی ئەم گریمانەیە، هەموو ئەو کارە داراییانەی کە دامەزراوەکە ئەنجامی دەدات، وەردەگێڕدرێن بۆ یەکەیەکی دراوی (واتە دەپێورێن بە دراو)، بۆ نموونە وەک دیناری عێراقی یان دۆلاری ئەمریکی.

2. **بنەماکانی ژمێریاری (المبادئ المحاسبية)**: بنەماکانی ژمێریاری ڕێسای گشتین کە حوکمی پەرەپێدانی ڕێگا و شێوازەکانی ژمێریاری دەکەن، ئەم بنەمایانە لە گریمانە ژمێریارییەکانەوە وەرگیراون و وەکو ڕێبەرێکن بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژمێریارییەکان یان بنچینەن بۆ گرتنەبەری ڕێکارێکی ژمێریاری دیاریکراو، بنەماکانی ژمێریاری بریتین لەمانە:

أ. **بنەمای پێوانەکردن** (مبدأ القياس): (پێشتر بنەمای تێچووی مێژوویی: بنەمای تێچووی مێژوویی یەکێکە لە بنەما ژمێرییارییە گشتییەکان (Generally Accepted Accounting Principles-GAAP)، کە بەکاردێت بۆ تۆمارکردنی بەهای مەوجودە نەگۆڕەکان بە پشتبەستن بە بەهاکەی لە کاتی کڕینیدا لە میزانیەی گشتی، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا بەهای ئێستای زیاترە یان کەمترە لە بەهاکەی لە کاتی کڕین)، جا بە پێی بنەمای پێوانەکردن، ڕێگەپێدراوە شێوازی دیکەی پێوانەکردن جگە لە تێچووی مێژوویی بەکاربهێنرێت، ئەویش بریتییە لە بژاردەی **بەهای دادپەروەرانە** (واتە ئەو بەهایەی کە لە نێوان مەوجودێکدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، یان دانی پابەندبوونێک، یان گواستنەوەی ئامرازێکی مافی خاوەنداریەتی لە نێوان لایەنە ڕاستەقینە و ئارەزوومەندەکان بەو ئاڵوگۆڕە، کە ئەمەش پێویستی بە بازاڕێکی چالاک و زانینی نرخەکان هەیە، بەڵام ئەم بژاردەیە (بەهای دادپەروەرانە) ئاسنتر بەکاردەهێندرێت لە ژمێریاری لە کاغەزە داراییەکاندا. ئەمەش بەو مانایەیە کە تێچووی مێژوویی ئیتر تاکە بنەما نییە بۆ پێوانەکردنی ژمێریاری، بەڵکو بەهای دادپەروەرانەشی بۆ زیاد کراوە.

ب. **بنەمای بەدیهێنانی داهات** (مبدأ تحقق الايراد): داهات ڕوودەدات کاتێک بەدی دێت و وەردەگیرێت و دانی پێدادەنرێت لە تۆمارە ژمێریارییەکاندا. جا بە پێی ئەم بنەمایە داهاتەکان بەدی دێن بە پێی سروشتی چالاکیی هەر کۆمپانیایەک و ژمێریاریش دەبێت داهاتەکە لەو ماوەیەدا دانی پێدابنێت و تۆماری بکات کە تێیدا دێتەدی. بەگشتی ئەم مەرجانەی خوارەوە پێویستن بۆ بەدیهاتنی داهات:

- توانای پێوانەکردنی بەهای داهات و دڵنیابوون لە ئەگەری وەرگرتنی.

- تەواوکردنی پرۆسەی بەدەستهێنانی داهات بە فرۆشتنی کاڵاکە یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکە.

- بوونی لایەنێکی دەرەکی، واتە بوونی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی لە نێوان کۆمپانیا و کۆمپانیاکانی دیکەدا، جا داهات بەزۆری بەدی دێت لە خاڵی فرۆشتنی کاڵاکە یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکە.

ج. **بنەمای بەدیهێنانی خەرجییەکان** (مبدأ تحقق المصروف): ئەم بنەمایە بە واتای کە هەموو خەرجییەکانی پەیوەندیدار بە داهاتێکی دیاریکراو بەراورد دەکرێن و لەم داهاتە دەبڕدرێن لەو ماوەیەی کە تێیدا بەدی دێت بە مەبەستی دیاریکردنی سافی داهات (صافي الدخل). جا سافی داهات پەیدادەبێت لە ئەنجامی بەراوردکردنی داهاتەکان لەگەڵ خەرجییەکانی بەکارهێنراو لە ماوەی دیاریکراودا لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەم داهاتانەدا. خەرجییەکانیش کاتێک دانیان پێدادەنرێت کە ئەم خەرجیانە لە ڕاستیدا بەشداربن لە بەدەستهێنانی داهاتی ساڵانە.

د. **بنەمای ئاشکراکردنی گشتگیر** (مبدأ الافصاح الشامل): ئەم بنەمایە بە واتای دابینکردنی زانیاریی کە بەسوود و بەس بێت بۆ دانانی کاریگەری لەسەر حوکم و بڕیارەکانی بەکارهێنەرانی ئەم زانیارییانە. بەپێی ئەم بنەمایە ژمێریار پابەندە بە پێدانی زانیاری پێویست بە بەکارهێنەرانی لیستە داراییەکان، بۆ ئەوەی بەکارهێنەری ئەو لیستانە ئاشنا بێت بەو ڕێگا ژمێریارییانەی کە لە ئامادەکردنی لیستەکاندا بەکارهێنراون، لەگەڵ هەر ڕووداوێکی بنەڕەتی یان کاریگەری ئەو ڕووداوانە کە دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر تێگەیشتن و لێکدانەوەی زانیارییەکانی ناو لیستە داراییەکان.

3. **مەرج و کۆتوبەندەکانی ژمێریاری** (القيود والمحددات المحاسبية): بریتین لەو مەرج و کۆتوبەندانەی کە ژمێریار پێیانەوە کاردەکات و ناتوانرێت لێیان لابدات، ئەوانیش بریتین لە:

أ. **مەرجی تێچوون**: ئەم سنووردارکردنە بۆ ئامادەکاران و دابینکەرانی زانیاری دارایی بەو مانایەیە کە ئەم زانیاریانە تێچووی هەیە و دەبێت هاوسەنگی لە نێوان تێچووی ئەو زانیاریانە و سوودەکانی ڕەچاوبکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە تێچووی بەرهەمهێنانی ئەو زانیارییە ژمێریارییانەی کە لەلایەن ژمێریارەوە ئامادە دەکرێن لە ڕێگەی لیستە

داراییەكانەوە نابێت لە سوودە چاوەڕوانكراوەكان زیاتر بێت لە بڵاوكردنەوە و بەكارهێنانی ئەم زانیاریانە لە لایەن كۆمپانیاكە.

ب. **مەرجی بەكارهێنانی پیشەسازی**: لەبەر ئەوەی یەكە ئابوورییەكان (كۆمپانیاكان) كە چالاكیی هاوشێوە ئەنجام دەدەن وەك شیرەمەنی و چنین و .....هتد ، بۆیە پێویستە لەسەر ژمێریاران كە لە كۆمپانیا هاوشێوەكاندا كاردەكەن، شێواز و ڕێكاری ژمێریاری هاوشێوە بگرنەبەر بۆ ئەوەی دواتر بتوانرێت بەراوردكاریان لە نێوانیاندا بكرێت لە ڕێگەی لیستە داراییەكانەوە.

## شەشەم: پێویستی بوون بە چوارچێوەیەكی فیكری بۆ ژمێریاری دارایی:

گرنگی هەبوونی چوارچێوەیەكی فیكری بۆ ژمێریاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕەچاوكردنانەی خوارەوە:

1- بوونی پەیكەرێك لە ئامانج و چەمكەكانی ژمێریاری كە ببێتە هۆی ئامادەكردنی ستاندارد و ڕێكاری ژمێریاریی هاوشێوە، جا لە ئێستادا بێت یان لە داهاتوودا.

2. چارەسەری پراكتیكی دابیندەكات بۆ ئەو كێشە پراكتیكیانەی كە ڕووبەڕووی ژمێریار دەبێتەوە.

3. دەبێتە هۆی زیادكردنی متمانە و ڕاستگۆیی بەكارهێنەرانی لیستە داراییەكان لە بابەتی بوونی ئەو زانیارییە داراییانەی كە لە لیستەكاندا هاتووە.